**چۆن وکی (د. عبدالستار تاهیر شریف)ی تیرۆر کرد..بەشی پێنجەم و کۆتایی.**

ت‌ك‌ەڕێ‌ه‌او ۆب ب‌ك‌ەی ل‌ەی‌مە | ب‌ك‌ە ی‌چاپ |

# چۆن وکێ (د. عبدالستار تاهیر شریف)ی تیرۆر کرد..بەشی پێنجەم و کۆتایی.

لەلایەن on July 09,2008

A A A

هەواڵی پەیوەندیدار

ەیەن تەبابە مئە کوە ی‌تبابە



## لێكۆلینەوەیێكی ڕۆژنامەنووسێك:

**چۆنیەتی تیرۆرکردنی:**

لە ڕێگای یەكێك لە ئەندامی پاراستن لە شاری هەولێر بە ناوی (م) لە گەرەکی کوران دەڵێت:

ڕۆژی شەممە 1-3 کات ژمێر 11:20 پێش نیوەڕۆ لە سەر فەرمانی سوداد بەرزانی (سەرپەرشتی دەزگای پاراستنی دەكرد لە بری مسرور کوری مەسعود کە لە نەمسا گیرابوو لەسەر ئەوەی کە لە نەمسا لە دوکتۆر کمال سید قادری دابوو ویستبیویان بیکوژن هەر لەسەر ئەوەی لە کاتی خۆی مەقالەیەکی لەسەر بنەماڵەی بەرزانی بڵاوکردبووەوە) کە کردبویە سەر هۆبەی ئیغتیالاتی سەر بە پاراستن , شەش پیاو کوژیان هەڵبژاردبوو بە سێ سەیارە لەم جۆرانە دوو مازدە و یەك ئۆپل ئۆمیگا بەرەو کەرکوك ڕێك کەوتن بۆ تیرور کردنی دوکتۆر. پاراستنی کەرکووك و لق هەموو کارە لۆجستێکانیان بۆ ئامادەکردن و یەکێکیان دەست نیشان کرد بۆ موتابەعە کردنی بە ناوی (ن). ڕۆژی دووشەممە هەولێکیان دا بۆ ئەوەی تیروری بکەن لە هەمان ئەو شوێنەی کە تیرۆریان کرد بەڵام نەگونجا لەبەر ئەوەی دوو نەفەری لەگەڵا دەبێت. لە ڕۆژی 5-3 بەیانی نیزیك کات ژمێر 10:20 لە بازاری ڕەحیماوە دەردەچێت و بەتەنها دەروا بۆ لادێکەی ..... سەیارەیەکی پاترۆلیش کە پر جەك دار بوون لە ژێر پردەکەن راوەستابوون بۆ حمایە کردنی بەکوژەکان , ئەنجام دانی تاوانەکان بە سەیارەیێکی دایۆی ڕەشی پرنس کە تایبەتە بە پاراستنی کەرکووك ئەنجام درا.. ناوی شۆفێرەکەی بە ناوی (احمد سنجاری) , ناوی بکوژەکە بەناوی (سفین\حسن فتح اللە). بۆ زانیاری پاراستنی کەرکووك چوار خانوی هاوڵاتیان داگیر کردووە هەر لە سەرەتای ڕزگارکردنی کەرکووك کە باکاریان دەهێنن بۆ شاردنەوەی ئەو خەلکانەی کە دەیرفێنن وە یەکێك لە هەواڵگری دەزگای زانیاری بە ناوی (س.ن) دەڵێت: (لە ڕۆژی یەکشەممەوە ئاگادار بووین بەوەی کە ئەو مەفرەزەیەی پاراستن کە سفین سەرپەرشتیان دەکات نازناوی خۆی ناوە بە سوداد بەرزانی و لەهەر کاتێك دا کە کردارێکی ئیغتیال بە دەستەوەیان بێت لە شاری کەرکووك ئەم گروپە دەنێرن. (ئەم سوداد ناوە لە سجنی ئاکرێ بە دەستی خۆی 17 پێشمەرگەی (ی.ن.ك) شەهید کردووە)

## **هۆیەکانی بریاردان لەسەر تیرۆرکردنی:**

1. حمه خان حاجی دارا له ڕێگای نێوان کەرکووك داقوق تیرۆرکرا له ڕۆژی 13-3 لەگەڵا چوار چەکدار که لەگەڵی بوون . ئەم زانیاریانەم دەست کەوت له سەرچاوەیێکی دەزگای پاراستن که دەڵێت : (حمه خان حاجی دارا خەلکی ناوچەی شارباژێره و مەفرەزەی تایبەتی جاشی هەبوو له سالی حەفتاکان وەك تحسین شاویس و قاله فەرەج که نازناوی کورەکانی مەلا مستەفایان پێ بەخشرابوون له لایەن مسعود بەرزانییەوه , ئەم جاشانه تەنها ڕاوی (پ . م) ی (ی.ن.ك) یان دەکرد ئەوه بوو تحسین هاورێ ئارام و مامه ریشەی شهید کرد , له کۆتایی حەفتاکان حمه خان یانزه پێشمەرگەی (ی.ن.ك) یان شەهید کرد , لەوانه سەرکرده سیروان تالەبانی . ئەم تاوانه بوو به مالأ بەسەر حمه خانەوه. لەو ماوانەی پیشوو دا بریاری دابوو که ئەو دوژمنکارییه کۆتایی پێ بهێنێ و کێشه بۆ منالەکانی به جێ نەهێڵێت , ئەوه بوو سەردانی ماڵی نەوشیروان مستەفای کردبوو بۆ ئەوەی لەگەڵا بنەمالەی ئەو یانزه شەهیده مەسلەحەت بکات. ئەم سەردان و دانوساندنەی حمه خان به دڵی مسعود و جلال تاڵەبانی نەبوو. جلال لەبەر ئەوەی که ئەگەر بێت و ئەم کێشەیه نەوشیروان چارەسەری بکات شکستی دەبێت بۆی.

2. شێخ ستار به بەردەوام لەسەر بنەمالەی بەرزانی له ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاودەکردەووه , بەڵام له یادداشت نامەی بەشی دووەم و له گۆڤاری لیڤین و ڕۆژنامەکانی ڕۆژنامه و ئاوێنه چەند ڕاستیەکی بڵاوکردەووه لەسەر جلال تاڵەبانی بۆیه مانەوی شێخ ستار خەتەرناك بوو بەرامبەر به جەلال تاڵەبانی و مسعود بەرزانی لەوانەیه کۆمەڵێك ئەسراری ترسناك دژ بەو دوانه لای مابێت ئەویش له چۆنییەتی پەیوەندیان ژێر به ژێر لەگەڵا ڕژێمی بەعس. بۆیه جەلال و مسعود له کۆبونەوەیەك دا دوو به دوو بریاریان دا : یەك : دوکتۆر عبدالستار دەبێـ تیرۆر بکرێت لەگەڵا حمه خان حاجی دارا ... دوو: جێ بەجێ کردنی دەزگای پاراستن .. سێ: ئاگادارکردنەوەی دەزگای زانیاری و ئاسایش و بەر پرسی مەلبەند له کاتی جێ بەجێ کردن بێ دەنگ بن....

دووباره دڵنیای بنەماڵەکەیان دەکەمەوەو هەموو خوێنەری کورد له ڕۆشنبیرانی کورد که ئەم لێکۆلینەوەیە وەك دۆکیومێنتێ له لامەو دەیپارێزم تا ئەو کاتەی له عیراق یاسا بەر قەرار دەبێت و هیوا دارم هەردوو تاوەنبار ڕۆژی له ڕۆژان وەك سەددام حسین بخرێنه قەفەسی تاوان و حوکمی ڕەوای خۆیان وەرگرن و داوا له هەموو ڕێکخراوه مرۆییکان دەکەم که دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوه داوا بکرێت که مافی مرۆڤ له کوردستان و عێراق دا بپارێزرێت ..

ئەو ها بەو شێوەیه دوو حاکم یەکیان حاکمی هەموو عێراق و دوەمیان حاکمی هەرێمی کوردستان دوو به دوو مەحکەمەی شێخ ستاریان لەسەر شەقام کردوو و بەر گولەیان دا که تەمەنی زیاتر له 74 سالأ که به هیچ یاسایێکی سەماوی هیچ ولاتێك یاسای وا نییه له تەمەنی 74 سالأ ئیعدام کرێ....

**کۆتایی**